رۆژی 2007/5/23 له ئوتێل چوارچرا له هەولێری پایتەخت به ئامادەبوونی زیاتر له 100 رۆژنامەنوسی چالاكی كوردستان، گروپی راچەنین كۆنفرانسی بەرەو نوسینەوەی میساقی شەرەف رۆژنامەوانی ئەبەستێ، وەك سەرەتایەك تا رۆژنامەنوسانی كوردستانیش خاوەنی میساق و كارنامەی شەرەف خۆیان بن و وەك پەیامێك كاری لەسەر بكەن، ئەم كۆنفرانسە كه سەرتاسەریەو بۆ یەكەمین جارە بەو بەرفراوانیە ئەنجام بدرێ كه به هاوكاری رێكخراوی ICSP دەبەسترێ و ژمارەیەك قەڵەم و رۆژنامەنوسی مەیدانی بەشداری تێدا دەكەن، تا میساقێكی شەرەف رۆژنامەنوسی بنوسنەوەو تیایدا چەند پرۆژەیەكی پێشنیار كراو، وەك میساقی شەرەف دیالۆگ و قسەو باسی لێوە بكرێ و ئەم پرۆژە پێشنیاركراوەش بەشێكە له بابەتی گفتوگۆی كۆنفرانسەكە..

ئاسۆ عەبدوللەتیف: ئەندامی دەستەی باڵای راپەراندنی گروپی راچەنین

## رۆژنامەگەری ئازاد و كارنامەی شەرەف رۆژنامەنوس

رۆژنامەنوس : ئاسۆعەبدوللەتیف مەولود
asolm2002@yahoo.com

گروپی راچەنین به هاوكاری رێكخراوی ICSP ......................... 2007/5/23
هەولێر .........................................

## پێشەكی و دەستپێك:

بۆ ئەوەی به شێوەیەكی ئازاد رۆژنامەنوسانی كوردستانیش بەدوور له كۆتوبەندو یاسا كۆنەكان مومارەسەی كارو چالاكی خۆیان بكەن، بەدوور بن له دەستێوەردان و گرتن و سوكایەتی و ئازاردان و له ژێرپەرچەم و سوێندێكی پاكداو به ئازادانه كاربكەن، پێویسته ئەجێندایەكی كارپێكراوی ئازاد و زانستی هەبێت له شێوەی میساقێكدا تا رۆژنامەنوسان پارێزراوبن، لەلایەك دووربن له زمانی تەشهیرو ناوزراندن و له لایەكی دیكه به ئازادانه پەمامی رۆژنامەنوسی خۆیان بگەیەنن، ئەركەكانیان به جێ بگەیەنن.

لەم رێگەیەشەوە رۆژنامەنوسان تێدەگەن ماف و ئازادی و ئەرك و پەیامیان چیەو كامەیە، ئەم كارە میساقێكی شەرەفە بۆ رۆژنامەنوسانی كوردستان و رەنگێكی دیموكراسیانە هەڵدەگرێت و بناغەیەكە بۆ كۆمەڵگایەكی مەدەنی، یان وەك

کارنامەیەکی شەرەڤ مرۆییە بۆ رۆژنامەنوسان کە تیایدا ماف و کەسایەتی و حەسانەی کارکردن و حەزی گەران و دەستخستی زانیاریەکانی رۆژنامەنوسان پارێزراو بێت، نەك هەر رۆژێك و بە یاسایەك و هەر سالێك و بە سنورێك و چوارچێوەیەکی بیرۆکراسی و سەندیکایی سنور بۆ رۆژنامەنوسان دابنرێت و دەستەمۆ بکرێن، پێویستە هەم حکومەت و دەزگاکانی هەم رۆژنامەنووسانیش بزانن رێگای کاری خۆیان کامەیە، واتە پسپۆری بوون و پیشەیی بوون لە کارو نەهجدا، ئێمە ئەم رێگایانە بە شیاو ئەبینین و وەك پرۆژەیەك پێشکەشی ئەکەین لەم کۆنفرانسەدا و ئەخوازین وەك بابەتی دیالۆگ تەماشا بکرێت و هەر پێشنیارو زیادو کەمیەکیش لە خۆ ئەگرێت بەمەرجێ لەدەرەوەی نەفەس و ستراتیجی ئەم پرۆژەیەدا نەبێ، چونکە ئەم پرۆژەیە دەشێت میساق و کارنامەی ئەو رۆژنامەنوسانەبێت کە خوازیاری ئەوەن ئازادانەو لە رەوشێکی تەندروست و ئارامدا کاری رۆژنامەوانی و ریپۆرتەری و نوسین بکەن دوور لە هەر دەستێوەردانێکی تەقلیدی ئایدۆلۆژی و حیزبی، ئێمە رێزمان هەیە بۆ حیزبەکان و تەنانەت رۆژنامەنوسە حیزبیەکانیش، بەلام دەبێ هێلی سەرەکی کارو فەزای سازی راگەیاندن و ئازادی رادەربرین بۆ خۆمان بدۆزینەوە کە ئەم فەزایە جیاوازە لە فەزای حیزب و یاسا کۆنکرێتیە کۆنەکانی سزادانی عیراقی و دەسەلاتداری کوردی کە تا ئێستا دەستبەرداری نەبووە، رەنگە ئەم میساق و کارنامەیە هەولێکیش بێت بەئاراستەی دامەزراندن و پراکتیککردن و ئەکتیڤکردنی دەسەلاتی چوارەم، کە تا ئێستا ئەم دەسەلاتە ئەوەتا لەبنهەنگلی راگەیاندنی حیزبە ئایدۆلۆژیستە دەسەلاتدارەکانی کوردستان و بە ئومێدین دەولەمەند بکرێت و گوێمان لێبگیرێت نەك دەمکوت بکرێین..

## یەکەم / پرەنسیپ و سکێچی گشتی.

ماڤی زانین و گەران – ئازادی وێنەگرتن و نوسین – وەرگرتنی زانیاری و هەوالّ – جورئەت – پاراستنی ماف و پارێزگاری ئیتیك – دابینکردنی ئازادیە ئیتیکیەکان – رادەربرین و رەخنەگرتن – هەلاواردنی راستیەکان – بەرچاوخستنی گەندەلیەکان – پێگەی مەعنەوی رۆژنامەنوس – لابردنی کۆت و بەند – لەکارخستنی یاسای سزادان – لابردنی مادەکانی 433 و 434 بۆ رۆژنامەنوسان – نەهێشتنی چوارچێوە گشتیەکان – رێزگرتنی بە ها مرۆیی و نەتەوەییەکان..

## دووەم / پابەندیەکانی حکومەت و رۆژنامەنوسان

1- دەسەلاتی رۆژنامەنوسی و میدیا وەك هەر دەسەلاتەکانی دیکە (حکومەت – راپەراندن) (پەرلەمان - یاسادانان) ( دادگا- دادوەری و قەزا) ئاوا دەسەلاتی چوارەمیش (رۆژنامە،گۆڤار، تیڤی، رادیۆ، میدیای ئەلیکترۆنی، ماسمیدیا) پێگەو شوێنی پراکتیکی و مەعنەوی خۆی هەبێت و چیتر پەراوێز نەخرێت.
2- رۆژنامەنوس سەربەست و ئازادە لە چوارچێوەی میساق و کارنامەیەکی شەرەفدا کاروچالاکیەکانی خۆی راپەرێنێ و لەژێر ئەم رۆشناییانە کار بکات، نەك یاسا کۆنەکانی سزادانی عیراقی.
3- کارکردن بە ئاراستەی چەمکی راستگۆیی و ووردبینی و زانستی بوون لە هەوالّدان و بەخشینی زانیاریەکاندا.
4- کارکردن بە ئاراستەی گوتارێکی رۆژنامەوانی و میدیایی ئازاد کە ماف و ئازادی و ئەرکی رۆژنامەنوسانی کوردیش دیارو بەرچاوبن و شێوازە مەدەنیەکان بگیرێتە بەر بۆ ئەوەی راستیەکان نەشێوێندرێ.
5- کاراکردنی رۆلّی رۆژنامەنوس لە بە جێگەیاندنی ئەرکە رۆژنامەییەکان بەمەبەستی بنیادنانی وولاتێکی شارستانی و پێشکەوتوو، کە دیموکراسیەت پێشەنگ بێت دوور لە کۆمەلگای زەبروزەنگ و دیکتاتۆری.

6- رۆژی 5/3 ی هەموو ساڵێك بكرێتە رۆژی كەرنەڤاڵ و تۆخكردنەوەی ئازادی رۆژنامەگەری كە لە تەواوی جیهاندا ئەم رۆژە بەرزو پیرۆز را دەگیرێت و لە كوردستاندا وەكو پێویست ئەو یادە ناكرێتەوە.

7- نابێ رۆژنامەنووس بەهەوانتە بگیرێت و ئازار بدرێ و كاری رفاندنی لە دژ بكرێت بە هەر بیانویەكەوە بێت، ئەم میساقی شەرەفە هەوڵێكە بۆ گرانتی ژیان و تەندروستی رۆژنامەنوس.

8- دەسەڵاتی یاسادانان(پەرلەمان) رەشنوسێك بۆ ئەم مەبەستە دەربكات و دان بنێ بە شێوەكاركردنی رۆژنامەنووس وەك وولآتانی پێشكەوتوو كە ئەزموونی زیاتر لە دوو سەدەیان هەیەو میساقی شەرەف بۆ رۆژنامەنوسان وەكو كارنامەیەكی شەرعی ببینێ.

9- دەبێ رۆژنامەنوسان بزانن كە ئەو یاسایە كامەیە كە رۆژنامەنوسی كوردی پێ دادگایی ئەكرێت؟ ئەو سنورە دەستكردە بۆچی تا ئێستا بمێنێت كە بەعس دروستی كرد؟ دەبێ كار بۆ یاسا بكرێ بەڵام یاسایەكی شەرەف و پارێزەری راستەقینە لە رۆژنامەنوس و ئازادیە بچووك و گەورەكانی.

10- ماڤی رۆژنامەنوسە كە بگەرێ و گەشت بكات و هەواڵ و زانیاری وەرگرێ و بچێتە سەر رووداوو وێنەی بگرێ و بلآوی بكاتەوە بەبێ سانسۆر دوور لە كۆنترۆڵ و لێدان و كامێرابردن لەلایەن دەزگاكانی ئاسایش و ناوخۆوە.

11- نابێ رۆژنامەنوس زیان بگەیەنێت بە ئاسایشی هەرێم بەڵام ئەم چەمكەش نابێت بەردەوام لێبدرێ و زۆر پرس و ئازادی و رادەربرین لە خاچ بدرێ لە پێناو شتێكدا كە ناوی ئاسایشی هەرێم و ئاسایشی نەتەوەییە، چی ئاسایشەو چی ئاسایش نییە.

12- رۆژنامەنووس نازانێ كامەیە پرەنسیپەكانی ئاسایشی نەتەوەی و هەرێمایەتی؟ دەبێ حكومەت و پەرلەمان دەستنیشانی هێڵە ستراتیجی و سنورەكانی ئاسایش و چەمكە گشتیەكان بكات و دێر بەدێر پنتی لەسەر دابنێ، نەك بەنمونە (باسكردنی تاریكیش بخرێتە ناو چوارچێوەی ئاسایشی نەتەوەییەوە)(یان نەبوونی سوتەمەنی)

13- بەرفراوانكردنی (روبەر) نەك (سنور) ەكانی ئازادی بۆ رۆژنامەنووس، نابێ دەزگاكانی ئاسایش بە ئارەزووی خۆیان سنوررێژی بكەن بۆ رۆژنامەنوس و دەبێ رۆژنامەنووس كەشفكەری راستەقینەی رووداوو گۆرانكاریەكان بێت بە شێوە لۆژیكیەكەی.

14- رۆژنامەنووس ئازادە كە سەرچاوەی زانیاریەكانی بە نهێنی بهێڵێتەوە تا دوچاری ئازاردانی كۆمەڵایەتی و ئاینی و خێڵەكی نەبێت و ناشبێت دەسەڵات گوشار دابنێ بۆ رۆژنامەنوس تا سەرچاوەكانی بۆ كەشف بكات.

15- پیشەی رۆژنامەنوسی پیشەیەكی پیرۆزە وەك هەر پیشەیەكی ئەندازیاری و پزیشكی و مامۆستایی و تەكنیكی و دەبێ كاراكتەری رۆژنامەنوس هەڵگرو پارێزەری پیرۆزیەكانی ئەو پەیامە رۆژنامەنوسیە بێت و درۆو خیانەتی بەرانبەر نەكات.

16- خۆ دوور خستنەوە لە جنێودان و تەشهیركردن بە ئاین و ئاین زاو حیزب و ئایدیا سیاسیەكان و مەزهەب و خێڵەكانەوە.

17- پاراستنی فرەیی بیروبۆچون و رەنگاورەنگی و پلورالیزمی ئاینی و سیاسی و مەزهەبی و كۆمەڵایەتی و رەنگدانەوەی لە میدیاو رۆژنامەوانیدا.

رۆژنامەنوس بەبێ جورئەت شێرێكە مردووەو لە خەوندا بۆتە مەڕ؟

www.dengekan.com
5/22/2007